لیستی کاندیداکانی حیزبی سۆسیال دێموکڕاتی ئاڵمان بۆ شوڕای ئینتێگراسیۆنی شاری بۆن



Tunc Karamanli



Binnaz Öztoprak



Marco Jelic

Silvana Ahmad • Kai Frank • Rosemarie Saliba • Dr. Abdul Hai
Lily Mohelska • Kaveh Javadi Samghabadi • Charlotte Köhler
Hazhar Khatami • Kläre Heyden • Issam Qasem • Ulrike Mooren
Erik Andresen • Schaza Alo • Gerrit Reininghaus

## ڕۆژی ١٤ سێپتامبەر دەنگ بدە بە لیستی ژمارە ٩!

بۆ زانیاری زیاتر و وەرگرتنی ئەم بڕۆشورە بە زمانی دیکە سەردانی
وێبسایتەکەمان بکەwww.spdbonn.de/mehrsprachig. .

Impressum: SPD Unterbezirk Bonn • Michael Richter
Clemens-August-Str. 64 • 53115 Bonn; Foto: © s.h. schroeder



ڕۆژی ١٤ سێپتامبەر
دەنگ بدە بە SPD

# هاودەنگی، فرەچەشنی و پێکەوە ژیان

لیستی کاندیداکانی ئێمە بۆ شوڕای ئینتێگراسیۆنی شاری بۆن

SPD

## ئامانج و داواکارییەکانمان لە شوڕای ئینتێگراسیۆنی شاری بۆن:

- ئێمە کاردەکەین بۆ دڵنیابوون لە ئەوەیکە فەرمانگەی کۆچ و کۆچبەران پۆرتاڵێکی چاوپێکەوتنی ئۆنلاین بۆ چاوپێکەوتنەکان دابمەزرێنێت. هەروەها بۆ هەرچی باشتربوونی خزمەتگوزارییەکان و کورتکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردن و پرۆسەی کار و باری کۆچبەران هەوڵدەدەین.
- ئێمە خوازیاری خزمەتگوزاری باشتر بۆ گەنجەکانمان و هەروەها پەرەپێدانی ڕاوێژی کۆمەڵایەتین. دەمانهەوێت بە بەهێزکردن و پشتگیری لە ئەنجوومەن و ناوەندە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان هەل ومەرجی پێکەوە ژیان باشتر بکەین. ئێمە پشتگیری یانە وەرزشییەکان و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان و هەروەها ڕێکخراوە خۆبەڕێوەبەرەکانی کۆچبەران دەکەین.
- بۆ ئەوەیکە هەموو کەسێک بتوانێت سوود لە خزمەتگوزاری تەندرووستی و پزیشکی باش لە نزیک شوێنی ژیانی خۆی وەربگرێت، ئێمە خوازیاری پێکهێنانی چاوەدێری تەندروستی و پزیشکی فرەزمان بۆ گەڕەکە جیاوازەکانی شار هەین.
- ئێمە دەمانهەوێت دۆخی نیشتەجێبوونی ئەو خێزانانە باشتر بکەین کە پێشینەی کۆچبەرییان هەیە و ئەگەر پێویست بکات فشار بخەینە سەر دامودەزگاکانی خانووبەرە و کۆمپانیاکان بۆ هەرچی باشتربوونی خزمەتگوزاری لە بینا و باڵەخانەکاندا.
- بۆ پەرەپێدان بە کولتووری هاوبەش و هاوکاری هاووڵاتییان، هەوڵدەدەین یەکگرتن و پێکەوە ژیان لە سەرتاسەری شاری بۆن بەرەوپێش ببەین.
- ئێمە پشتگیری لە بەرژەوەندی خوێندکاران و توێژەرانی نێودەوڵەتی دەکەین لە زانکۆی بۆن.
- ئێمە لە پێشخستنی فرەزمانیدا بەردەوام دەبین.



فريق الحزب الاشتراكي الديمقراطي (SPD) لمجلس بون للتكامل. تعرّف علينا على igrat.spdbonn.de.

## بۆ بەدیهێنانی دەرفەتی یەکسان و بەشداری - لە دژی ڕەگەزپەرەستی و هەڵاواردن!

شاری بۆن، شارێکی کراوەیە کە خەڵکەکەی لە نزیکەی ١٨٠ وڵاتی جیاوازەوە پێکهاتووە و چێژ لە پێکەوە ژیان وەردەگرن. ئێمە دەمانهەوێت بە شێوەیەکی چالاکانە ئەم هەمەجۆرییە بنەخشێنین. حیزبی سۆسیال دێموکڕاتی ئاڵمان هەمیشە بۆ هاودەنگی هەرچی زۆرتری کۆمەڵگا و بەشداری و دەرفەتی یەکسان هەوڵیداوە. ئێمە دەبینە دەنگی کۆچبەران و ئەو کەسانەی کە پێشینەی کۆچبەرییان هەیە لە شارەکەماندا. ئێمە لە شوڕای ئینتێگراسیۆنی شاری بۆن لە بواری پەروەردە، باخچەی ساوایان و قوتابخانەکان، خانووبەرە و شوێنی نیشتەجێبوون، بازاڕی کار و هەروەها وەلانانی بەربەستەکان و هەڵاواردن، پابەندین بە پشتگیریکردنی کۆچبەران و ئەو کەسانەی کە پێشینەی کۆچبەرییان هەیە.

ئێمە بە بوونمان لە گەڕەک و شوێنە جیاوازەکانی ناو شاری بۆن و هەروەها لە ڕێگەی پێوەندی دەگەڵ کۆمەڵ و ئەنجوومەنەکانەوە، دەمانهەوێت ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیانی نێوان کولتوورەکان، بەرەوپێش ببەین. ئێمە بەدواداچوون بۆ پرس و کێشەی ئەو پێکهاتانە دەکەین کە پاشخانی کۆچبەرییان هەیە و فەزای گفتوگۆ و بەشداری سیاسی بەهێز دەکەین. ئێمە دەمانهەوێت منداڵان و گەنجەکان، بەساڵاچووان و ئەو خێزانانەی کە پێشینەی کۆچبەرییان هەیە لە شاری بۆن دەنگێکی بەهێزتریان هەبێت. بۆ هەرچی باشتر تێکەڵبوون بە کۆمەڵگا، هەوڵ بۆ باشتربوونی دۆخی ژیانی ئەو کەسانە دەدەین کە بە هەر هۆکارێک (شەڕ و هەژاری، یان ئیش و کار) دێن بۆ وڵاتی ئاڵمان. ئێمە وەک پارتی سۆسیال دێموکڕاتی ئاڵمانیا هەمیشە هەڵوێستێکی ڕوونمان هەیە بەرامبەر بە هەموو جۆرە جیاکاری و ڕەگەزپەرستییەک. ئێمە پێکەوە بۆ دێموکڕاسی و فرەچەشنی و هاودەنگی وەستاوین.

### پوختەیەک لە دەستکەوتەکانمان لە شوڕای ئینتێگراسیۆن بۆ ئێوە:

- بۆ ئەوەیکە هەموو خەڵک بتوانن بە زمانی خۆیان زانیاری گرینگ سەبارەت بە شاری بۆن وەدەست بهێنن، شارەوانی شاری بۆن و خزمەتگوزارییەکانی شار بە شێوەی فرە زمانی بەڕێوەدەچن.
- بۆ نیشاندانی ئەوەیکە شاری بۆن، دژی هەر چەشنە توندوتیژییەکی ڕەگەزپەرەستانەیە، مۆنۆمینت و یادکردنەوە لە قوربانیانی هەوڵە توندڕەوییەکان بەڕێوەدەبات.
- گۆڕستانی موسڵمانان لە گۆڕستانی باکوری شارەکە دەمێنێتەوە. مرۆڤەکان پێویستە ئارامگەی هەمیشەیی خۆیان لە نزیک بنەماڵەکانیان بدۆزنەوە.
- باشترکردنی دۆخی نالەباری کەمپ و شوێنی نیشتەجێبوونی کۆچبەران.
- ئێمە بڕیارمان داوە کە پشتگیرییەکانمان بۆ ناوەندی Vielinbusch بەردەوام بێت. ئەم ناوەندە کە لە بواری ڕاهێنان و پەروەدەی خێزان چالاکە، بۆ پێکەوە ژیان و ئینتێگراسیۆن ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە.

**دەتوانن زانیاری زیاتر سەبارەت بە ئەرکەکانی ئەنجومەنی یەکگرتن (شوڕای ئینتێگراسیۆن) و هەروەها ئەوەیکە کێ مافی دەنگدانی هەیە لە IGRAT.SPDBONN.DE بدۆزنەوە.**